# 11ئەیلولی ئێمە و 11 ی سێپتێمبەری ئەوان ... مەریوان نەقشبەندی

11ی سێپتیمبەر بۆ ئەمریکیەکان بیرەوەریەکی ناخۆشە، بەڵام پەندەکانی ئەم رواداوە ئەوەندە بەسوودبوو، ئێستا ئەمریکیەکان 11ی سێپتێمبەر بەخاڵی وەرچەرخان و بەهۆش هاتنەوەی خۆیان دەزانن و هەندێك لە سیاسەتوانە ئەمریکیەکانیش سوپاسی رێکخراوی قاعیدەی تیرۆرستی دەکەن کە پێش ئەوەی گروپە ئیسلامیە توندرۆکان بەخۆیان بکەون و ببنە خاوەنی چەکی کۆکوژ، لەساڵی 2001 هێرشەکانی واشنتۆن و نیویورکیان ئەنجامدا کە هەموو یان زۆربەی هەرەزۆری قوربانیەکانی ئەو هێرشانە خەڵکی مەدەنی و بێتاوان بوون، ئەمەش لەلایەن کەناڵەکانی راگەیاندنی ئەمریکاوە سوودی لێوەرگیرا و بەهۆیەوە ئەمریکیەکان توانیان ئەو شاڵاوی موسڵمانبوونەی هاووڵاتیانی ئەمریکا رابگرن کە هەروەك (د. عومەرشێخ معێوم زیائەدین نەقشبەندی) مامۆستای زانکۆی هیوستن لەئەمریکا پێی راگەیاندم، پێش هێرشەکانی سێپتێمبەر رۆژانە بەدەیان کەس دەچوونە مزگەوتەکانی ئەمریکاو دەچوونە لای کەسایەتیە ئیسلامیەکانی نیشتەجێی ئەمریکا و موسڵمان بوونی خۆیان رادەگەیان و بەهیچ شێوەیەکیش دەزگا ئەمنیەکانی ئەمریکا بەربەستی لەبەردەم ئەم شاڵاوی موسڵمانبوونەدا درووست نەدەکرد، بەڵام دوای هێرشەکانی سەر نییورك و واشنتۆن هەمووشتێك گۆرا و پێچەوانەش بۆوە. ئێستا ئەمریکیەکان نەك هەر موسڵمان نابن بەڵکو لەهەموو دیاردەیەکی ئیسلامەتیش خۆیان دەپارێزن، (لاری کینگ) ی بێژەری بەناوبانگی کەناڵی (cnn) ی ئەمریکا لەمبارەیەوە دەڵێت: راگەیاندنی ئەمریکا بەهۆی رووداوەکانی سێپتێمبەرەوە جێگای خۆی لە هەموو ماڵێکی ئەمریکیەکانندا کردەوە و توانی خەڵکی ئەمریکا قەناعەت پێبکات کە ستافە ئاسنینەکەی (بوش) شەری یەکلاکردنەوەی سەرۆکایەتی ئەمریکا بۆ جیهانەو شەرێکە ئەگەر لەناو ماڵی تیرۆرستاندا نەکرێت ئەوا دەبێ لەسەر خاکی ئەمریکا ئەو شەرە بکرێت.

ئەوەتا دوای 11ی سێپتێمبەر هەرچی کاری تیرۆرستی هەیە لە ئەمریکا دوورە و لەدەرەوەی ئەمریکاش هەموو رژێمە ئیسلامیە ئوسوڵی و فقهیەکان گەمارۆدراون و دوو رژێمی گەورەی وەك تالیبان و بەعسیش خرانە زبڵدانی مێژووەوە.

لەلای ئێمەی کوردیش 11ی سێپتێمبەر کە بە 11 ی ئەیلول ناودەبرێت، بیرەوەری درێژترین شۆرشی کوردە کەلەسەردەمێکی هەستیار و تەواو نالەباردا لەلایەن سەرکردەیەکەوە هەڵگیرسا کەتوانی سەرجەم گەلی کورد لەژێر سایەی ئەم شۆرشەدا کۆبکاتەوە و توانای جەستەیی و سەربازی و سیاسی کوردیشی بۆ دۆست و دوژمنانی پیشاندا و درندەترین رژێمی ناوچەی رۆژهەڵاتیشی بەچۆکدا هێنابوو کە ئەگەر پیلانە نێودەوڵەتیە شوومەکەی جەزائیر نەبوایە ئێستا کورد لەقۆناخێکی ئێجگار پێشکەوتوودا دەبوو، جا سەرەرای ئەوەی ئەمریکیەکان تەنها چوارساڵە بیرەوەری سێپتێمبەر دەکەنەوە کەچی رێرەوی ناوخۆ و جیهانیان بەو ئاراستەی کەخۆیان دەیانەوێت گۆریوە، بەڵام ئێمەی کورد سەرەرای ئەوەی 44 ساڵرۆژی 11ی ئەیلول یاد دەکەینەوە کەچی جگە لە چەند کۆر و کۆبوونەوەیەکی حزبی نەبێت کەگێرانەوەی رووداوەکانە و هەمووساڵێك گوێمان لێدەبێت شتێکی دیکە نابیستین، کارو پرۆژەکانی وەزارەتەکان کە ئیشی خۆیانە و دەبی بیکەن، دەکرێتە منەت لەسەر خەڵکی کوردستان و دەیانەوێت وا قەناعەت بە خەڵکی بکەن کە ئەگەر یادی 11ی ئەیلول نەبێت ئەو پرۆژانە ئەنجام نادرێت،

پێویست وایە پەندەکانی شۆرشی ئەیلول بکرێتە مەنهەج و بەرنامەی خوێندن و ئیدارە و راگەیاندن و هەموو دەزگاکانی حکومەت و حزب بۆ ئەوەی لە گەندەڵی و تەکەتول و راپۆرت نووسین و ماستاوکردن و خواستی مەسئولیەت و خۆبەزلزانین و رۆتین رزگارمان بێت، پێویستە کەناڵەکانی راگەیاندن بەشێوەیەکی زانستیانە و سیاسیانە مامەڵە لەگەڵ بیرەوەریەکانی 11ی ئەیلول بکەن و ئەو تەقلیدە بشکێنن کە ساڵانە دەیبینین و دەیبیستین، من دەمەوی بنەما سیاسی و ئیداری و سەربازی و پەروەردەییەکانی شۆرشی ئەیلول فێربم و بەرنامەیەك ببینم کە پیشانم بدات چ هۆکارێك لەپشت ئەوەیە کە بارزانی مەلا خالید ئامادەبوو لە ئەشکەوتێکدا ببێتە بێژەر و بەنانە وشکە رازی بێت و لەهیچ بارودۆخێکدا ئامادەنەبێت پرەنسیپە ئایدیۆلۆژیەکەی بگۆرێت و لەپێناوی هیوایەکی نادیاردا هەمووشتێك بەجیبهێڵێت و ژیانی کولەمەرگی هەڵبژێرێت، بەڵام ئەمرۆ کادیرەکانی راگەیاندن لە کوردستانێکی ئازاد و ئارام و بەختەوەردا چەندین جار بازبازێنی حزبی و ئایدیۆلۆژی بکەن و هەمیشە باس لە مەزڵومیەتی خۆیان بکەن؟!، لەکاتێکدا ئێستا خاوەن هیوا و پرەنسیپەکانی 11ی ئەیلول مەزلومترین کەسایەتیەکانی ئەم میللەتەن.